PAPER DETAILS

TITLE: ????? ?? ?????? ?????????

AUTHORS: Krekar Aziz

PAGES: 167-190

ORIGINAL PDF URL: https://dergipark.org.tr/tr/download/article-file/4305614

# حوجره له ناوچەی خۆشناوەتی

# The Madrasas of The Khoshnawati Region

**Krekar AZİZ**

Krekar AZİZ | 0009-0002-4772-6880 | krekarazzez@gmail.com
Salahadin University /Arbil

**Citation:**

Aziz, K. (2024). The Madrasas of The Khoshnaw Tribes. *Nubihar Akademi* 22, 167-192. DOI: 10.55253/2024.nubihar.1571408

| | |
|---|---|
| Article Type | Research Article |
| Submission Date | 21.10.2024 |
| Acceptance Date | 21.12.2024 |
| Publication Date | 31.12.2024 |
| Peer-Review | Double anonymized - Two External |
| Ethical Statement | It is declared that scientific and ethical principles have been followed while carrying out and writing this study and that all the sources used have been properly cited. |
| Plagiarism Checks | Yes – iThenticate |
| Conflicts of Interest | There is no conflict of interest between the author and any parties in the article. |
| Complaints | The author(s) has no conflict of interest to declare. |
| Grant Support | The author(s) acknowledge that they received no external funding in support of this research. |
| Copyright & License | Authors publishing in the journal retain the copyright to their work licensed under the **CC BY-NC 4.0**. |

## Puxte

خۆشناو هۆزێکی گەورە و ناودار و ناسراوی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، بەشێکی زۆری ئەم هۆزە لە پارێزگای هەولێر، بەشێکیشی لە پارێزگای سلێمانی لە قەزای ڕانیە لە ناحیەکانی بێتواتە و سەروچاوە نیشتەجێن ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگیان هەیە، لە چەند دۆڵ پێکدێت ئەوانیش (حەوزی بێتواتە، دۆڵی بالیسان، دۆڵی مەلەکان، دۆڵە گۆران، دۆڵی بەرەکە، دۆڵی ماوەران، دۆڵی کۆڕێ، دۆڵی قەڵاسنج).

مێژووی حوجرە و خزمەتکردنیان لە ناوچەی خۆشناوەتی بۆ سەردەمێکی دوور و درێژ ماوە تاوەکو ئێستاش بوونیان ماوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە ناوچەی خۆشناوەتی لە هەر گوند و ئاوەدانیەك مزگەوت بنیاتنرا، لەناو هەر مزگەوتێکیش حوجرەیەك بوونی هەبوو، لەو حوجرانە زانستە شەرعی و عەقلیەکان دەخوێندران، ئەم حوجرانە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە پێگەیاندنی هەزاران زانا لە ناوچەکە هەبوو، دواتر ئەم زانایانە لەناوچەکانی کوردستان و عێراق بڵاوبوونەوە، توانیان ڕۆڵێکی باش بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بگێڕن.

ئەوەشمان لە یاد نەچێت خەڵکی کوردستان لە ڕووی ماددی و مرۆیی هەمیشە هاوکاری مزگەوت و حوجرەکان بوون پێداویستی و کەموکوڕیەکانیان پڕکردۆتەوە، بۆیە ئەم حوجرانە ببوونە مایەی پاراستن و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری، تەنانەت لە زۆربەی گوندەکان تاوەکو ئێستا زەوی و باخچەی وەقفکراو لە گوند و شارەکان ماون داهاتەکەیان بۆ خزمەتکردنی حوجرەو فەقێیەکان خەرج دەکرێت.

## Peyvên Sereke

قۆناغەکانی ,خۆشناو هۆزی مێژووی ,حوجرەکان ,خۆشناو هۆزی ,ئیسلام ,خۆشناو ,ئیسلام مێژووی ,زاناکان ژیاننامەی زانایان پەرتووکی ,حوجرە خوێندنی

## Abstract

The Khoshnaw tribe is one of the most prominent and influential in Kurdish society, with the majority of its members residing in the Erbil province. A portion of the tribe also lives in the Betwata and Sarwchawa districts in Ranya, Sulaimani province. The Khoshnaw tribe holds a notable role and position in the region.

The tribe's territory spans several significant valleys, including Betwata Basin, Balisan Valley, Malakan Valley, Goran Valley, Baraka Valley, Mawran Valley, Kore Valley, and Qalasnj Valley. The history of madrasas and their contributions in the Khoshnawti area extends back centuries. With the spread of Islam in the region, mosques were built in every village and settlement. Each mosque housed a madrasa (religious school), playing a crucial role in educating thousands of scholars who later spread across Kurdistan and Iraq, greatly contributing to the spread of knowledge.

It is important to recognize the Kurdish people’s continuous support for these madrasas, both in material resources and manpower. As a result, the madrasas became vital institutions for preserving and disseminating knowledge and information. In many villages, endowment lands and gardens were established to financially support the madrasas and religious scholars. The income from these lands continues to be used for maintaining and servicing the madrasas, symbolizing the enduring connection between the community and these religious and educational institutions.

## Keywords

Khoshnaw, Islam, Madrasa, Religious schools, Khoshnaw tribes, The stages of Madrasa, The four stages of Madrasa, Islamic history, Khoshnaw history, The books of the Ulama, The biographies of the Ulama, Islamic scholars

## دەستپێك
### مێژووی قوتابخانەی ئیسلامی

دەكرێت مێژووی قوتابخانەی ئیسلامی بەپێی هەندێك سەرچاوە بۆ سەرەتای دابەزینی سروش (وحی) بۆ پێغەمبەر (د.خ) دەگەڕێتەوە، چونكە لە ئەو سەردەمەدا ماڵی (ئەرقەمی كوڕی ئەرقەم) هەبوو تێیدا پێغەمبەر (د.خ) ئەو ژمارە كەمەی خەڵكی كۆدەكردەوە كە بڕوایان پێی هێنا بوو تاوەكو پەیامی ئیسلامیان بۆ ڕوون بكاتەوە پاشان مزگەوتی (قباء) دامەزراو لەوێ مووسڵمانان ڕاستوخۆ لە پێغەمبەرەكەیانەوە فێری دەستوورەكانی ئاینی ئیسلام دەبوون كە پشتی بە قورئان وەك كتێبێكی ئاسمانی دەبەست، هەروەها (ئیمام محمد بن سحنون) باسی ئەوەی كردووە لەسەردەمی خەلیفەكانی ڕاشدیندا هەندێك قوتابخانە (كتاتیب) بۆ لەبەركردنی قورئان و فێربوونی زانستەكان هەبوون لە شاری مەدینەش قوتابخانەیەك بەناوی (دار القرأن) بۆ لەبەركردنی ئایەتەكان هەبووە لە دوای دەستپێكردنی فتوحاتی ئیسلامیش كەتاتییەكان زیاتر دیار و فراوان بوون و چەند قوتابخانەیەك لە شارەكانی (بصره و كوفه و فسطاط و قەیرەوان) كرانەوە لە سەدەی سێیەم و چوارەمی كۆچیدا گەیشتنە لوتكە لە سەردەمی عەباسیەكانیشدا بایەخێكی زۆر بەخوێندن دراو چەند مزگەوتێك دامەزران كە هاوكات قوتابخانەش بوون لەوانە مزگەوتی المنصور لە شاری بغداد و چەند مزگەوتێكی دیكەی هاوشێوە لە شارەكانی كوفە و بصرە لەناو ئەو مزگەوتانەشدا بازنەی زانستی هەبووە كە چەندین زانستی ئایینی و زمانەوانی و گەردوونناسی و بیركاری و پزیشكی ...... هتد خوێنراوە (سالار تاوگۆزی، مێژووی حوجرە).

### 1. حوجرەی كوردی

دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە كوردستان ڕێژەیەكی زۆری خەڵكی كوردستان بوونە موسڵمان و پەیڕەوی ئەم ئاینە نوێیەیان كرد، لە ئاینی ئیسلامدا مزگەوت شوێنی خوداپەرستی و كۆڕ و كۆبوونەوەی موسڵمانانە و مەڵبەندی ڕۆشنبیری و زانستیش بوو تا ئەوكاتەی قوتابخانە لە جیهانی ئیسلامی دروستكران، ئەو قوتابخانانەش ڕۆڵێكی گرنگیان هەبوو لە بڵاوكردنەوەی خوێندن و خوێندەواری و پێگەیاندنی زانایان بۆ خزمەتكردنی شەریعەت و زانست بۆیە مزگەوت لەپاڵ ئەوەی شوێنێک بوو بۆ خوداپەرستی ببووە شوێنی خوێندن و فێركردنیش (محمد زكی، الحاله العلمیه، ص566) ، بەتێپەڕبوونی كاتیش بەهۆی زۆربوونی نوێژ خوێنان و پەیدابوونی دەنگە دەنگ و ژاوەژاو قوتابی و فەقێكان نەیاندەتوانی لەناو مزگەوت بخوێنن بۆیە لە هەر گوند و شارێک لە تەنیشت یاخود لەناو مزگەوت (حوجرە) دروستكرا كە بریتی بوو لە ژوورێک یاخود چەند ژوورێک و هەیوانێک بۆ فەقێكان دروست دەكران تاوەكو تێدا بژین مامۆستای مزگەوتیش لەپاڵ پێش نوێژی و وتار خوێندنەوە وانەی بە فەقیەكان دەوت تەمەنی فەقێش دیاریكراو نەبوو زیاتر لە تەمەنی (8 - 12) ساڵی دەخرانە بەر خوێندن گرنگترین ئەو زانستانەی فەقێ لە سەرەتای خوێندنەوە تاوەكو دەرچونی دەیخوێند بریتی بوو لە قورئانی پیرۆز و فەرموده و زانستە شەرعی و دینی و عەقڵیەكان لەگەڵ فێربوونی نووسین و خوێندن و خەت خۆشی، فەقێ بەچەند قۆناغێک تێدەپەڕی تاوەكو ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرت قۆناغەكان بریتین لە:

1. سیپاره

بریتی بوو لە وەرەقەیەک ماموستایەکی ئاینی بەخەتێکی خۆش و گەورە لە وەرەقەیەکی دەنووسی و دەیدایە ئەو منداڵەی کە سەرەتای خوێندنی بوو، پیتە ئەبجەدیەکانی زمانی عەرەبی لێ نوسرابوو، دوای تەواوکردنی سیپارە دەچووە سەر خوێندنی قورئانی پیرۆز دواتر مەرج بوو ئەو پەرتووکانە تەواو بکات (کتێبی عەقیدەی کوردی، مەولودنامەی کوردی، ئەحمەدیە، گوڵستانی حافزی شیرازی، لە هەندێک ناوچەش پەندی عەتار لە نوسراوی خواجە حافز بوو دەخوێندرا)، دوای تەواوکردنی قۆناغی یەکەم وەکو نەریتی خوێندنی حوجرە فەقێ بە نامەی ماموستای یەکەمی ڕوی لە مەدرەسەیەکی دیکە دەکرد، ئەگەر ئەوانیش جێگەیان هەبووایە لەوێ وەردەگیرا، شێوەی نووسینی نامەی ماموستاکانیش بەم جۆرە بوو:

بۆ بەڕێز ماموستا مەلا..........................................................

پاش دوعا و سەلام ئەم فەقیە لای من کتێب و بابەتەکانی پلەی یەکەمی تەواوکرد، تکام وایە ئەگەر جێگاتان هەیە لای خۆتان بە سوختەی وەری گرن....... ئیمزا مەلا.........

2. سوختە

ئەو کەسی دەبووە سوختە فێری گرتنی پێنوس (قەڵەم) و نوسینی ئەلف و بێ دەکرا لەگەڵ نوسینی پیتەکان بە لێکدراوی، هەروەها فێربوون لەسەر ڕێنوسی وشەکان، سوختە خانەکان لەلایەن فەقێیەکی بەرزتر لە خوێندن بەڕێوەدەبردرا کە پێی دەوترا (موستەعید)، لە قۆناغی (سوختەی) لەم پەرتوکانەوە دەستی پێدەکرد کتێبی (عوامل جرجانی، سعداللەی گەورە، سعداللەی بچووک، انموذج، مغنی المحتاج، اظهار مەلا حەسەن، مراح الارواح، مقصود، بناء، اظهار البركوي، منوب، فعل سعداللە، الصمدیة، تصریف مەلا عەلی، قزلجی، قەرەداغی، الاستعارة، الوضع) فەقێ لە سوختەی بەردەوام دەبوو تاوەکو دەگەیشتە کتێبی (جامی).

3. موستەعید

ئەو فەقێیە بوو کە نیوەی ڕێگای خوێندنی بڕیبوو دەیتوانی کتێبەکانی سەرەتای خوێندن بە فەقێیەکان بڵێتەوە هەر بە موستەعیدیش دەوترا (متعلق) کە لە کتێبی (جامی) دەستی پێدەکرد کتێبی (الفنار، قول احمد، عبداللە یزدي، شرح الشمسیة و مغنی الطلاب، السیوطی ابو طالب، الشافیة وسلم المنطق) فەقێ تاوەکو کتێبی (الشمسیة)ی تەواو دەکرد هەر بە ناسکە موستەعید دادەنرا.

(مستعدی تەواو) یش ئەوەیە گەیشتبێتە دوا مادەی خوێندن یاخود نزیکی دووا مادەی خوێندن بووبێتەوە کە بەرامبەر دوا قۆناغی زانکۆیە کتێبە خوێندراوەکانی ئەم قۆناغە (انوار مەزن، ئیمام شافعی، شرح المنهج، فقهی ئیمام شافعی، البیضاوی تەفسیری قورئان، بووخاری شەرحی فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، ابن حجر فقهە، الفرائض لەبارەی دابەشکردنی میراتەوە، گڵنبووی ئاداب، رسالە الحنفي، المنبهر، قوشجی لەبارەی الوضع، عصام الدین لەبارەی بیان، کمال الدین لەبارەی صرف، اشتاق، اعلال، سید عبداللە، ارشاد العباد الی سبیل الرشاد، ریاض الصالحین، مناهج الطالبین، فتح المعین).

4. قۆناغی دوا مادەکان

بەدوا قۆناغی خوێندنی حوجره دێت بۆ تەواوکردنی قۆناغەکە پێویست بوو پەرتوکەکانی (شرح الشمسية لەگەڵ پەراوێزەکەی، گڵنبووی برهان، شرح العقائد، میرات، جلال الدين الدوانی، المطول، جمع الجوامع، القاضي مع تعليقات لاری، تهذيب الكلام، التشريح، شرح الجغمينی، خلاصه الحساب، الاسطرلاب، ربح المجيب والمقنطر، الأشكال التأسيس، شرح المطالع، شرح الواقف، شرح المقاصد، شرح الطوالع، تلويح، مختصر المنتهی).

بۆ ئەوەی ببووایە مامۆستای دوازده عیلم دەبوو زانستەکانی (النحو، الصرف، البلاغه بە هەرسێ بەشەکەیەوە، الفقه، اصول الفقه، المنطق، الاداب، الكلام، الفلسفه، الهيئه والفلک، الرياضيات والهندسة، فقه اللغة) بخوێنی هەر یەکێک لەو زانستانە چەند کتێبێک لەخۆ دەگرێت بۆ نمونە کتێبی زانستی الصرف سێ کتێبی تێدا دەخوێندرێت وەکو (تصریف الزنجانی، الشافيه، تصريف الملا على الاشنوی) دواتریش فەقێیەکان لە ئاهەنگێدا ئیجازەی مەلایەتیان پێدەدرا واتە دەبوونە مەلای تەواو.

ژیانی فەقیەکانیش لە شار و لادێ لەسەر (ڕاتبانە) و ئەو زەکات و سەرفترەیە بوو کە خەڵکی پێی دەدان بۆیە لە شعرێکدا ژیانی فەقیەتی بەجووانی ڕەنگیداوەتەوە:

(ژیانی فەقیەکان لە گوند)

کاکە ژیانی فەقێ لۆ گوندان

ئەوا لۆت دەڵێم بێ زیاد و نوقسان

ژیانی ڕۆژیان لەسەر ڕاتبە بوو

ئەوها مەشورە ناوی لێندرابوو.......

مەی گەلەک چاک پێم بکە بڕوا

تا عومری بیست ساڵ (خوێندنیان) دەکرد

ئەوەی پێویست بوو تەواویان دەکرد

زۆر چاک فێردەبوون ئی دوازدە عیلمان

دەهات میعادی بروانامە دانیان

(فاخر ئاودەلی، ڕۆڵی زانایانی هەولێر، لا19 – 27).

گوتراوە: (بۆ دەرس خوێندن هاوینان (شنۆ)، وە زستانان (کۆ).) هاوینان فەقێی گەرمێنێ - یەعنی دەشتی دزەیان - وە (کۆ) یە، بەزۆری دەچونە (خۆشناوەتی)، لەبەر فێنکی و ئاو دەراو و حەواندنەوە و میوەی زەریف و مەلای چاک (طاهر احمد، مێژووی کۆیە، ب1، لا177).

فەقێیەکان ژیانیان لەسەر ڕاتبە و دەقنە بوو، دەقنە لەناو کوردەواری وڵاتی سۆران بەکاردێت بۆ ئەو

شوێنەی ئەرز کەوا سەرەکەی توندبێ، بەڵام بنی شلبێ و کە ئادەمیزاد یاخۆ وڵاخ پێی لەسەر دانا و قاچی بچێتە خوارێ و شتڵ بێ تێدا. ئەم شتە بەزۆر لە کژی زستان و لە بەهار روئەدا لەناو زەوی و زار کە ساڵێکی بەبارانبێ، یاخود ئەرزەکە زەنەکاوی بێت و شلبێ.

دەقنە لەناو فەقێیەکانیش بەکاردەهات بەتایبەت لەو دێیەی فەقێ زۆر بێت و نانی ڕاتبە بەشی نەکات و بچنە دێیەکی تری نزیک راتبە و نانی لێ کۆبکەنەوە. یاخۆ لە کوێستان زستان لەبەر بەفر و سەختی راتبە زەحمەت بوو ئینجا لە سەری زستان لە دێیەکە تفاق و شتیان کۆدەکردەوە بۆ ئەم زستان و سەختی یە بە خۆیان چێشت و شت دروست بکەن لەناو گوند نەگەڕێن دەقنەش دوو جۆر بوو:

1. دەقنەی داخیلی (ناوەخۆ): لە دێیەک یاخود لە شارێک دەقنە (راتبە) یان وەردەگرت.

2. دەقنەی خاریجی (دەرەکی): فەقێ دەچوونە دێیەکی تر نانیان کۆدەکردەوە جگە لە دێیەکەی خۆیان، (مەلا محەمەد عەلیاوەیی) دەڵێت: من خۆم لە ساڵی (1356ک/ 1937ز) گوندی قەڵاسنجی ژورو دەقنەی گوندی قەڵاسنجی ژێریان دەکرد، لە ساڵی (1355ک/ 1936ز) لە گوندی (قەڵاسنجم) دەخوێند فەقێ ڕۆژانە نان و کەرتێکی بەردەکەوت، راتبەی هەر دوو قەڵاسنجمان دەکرد، هەروەها لە سەردەمی گرانی گەورە لە ساڵی (1337ک/1917ز) فەقێ ڕۆژی کەرتە نانێکی بەردەکەوت (مەلا ﷴ عەلیاوەیی، ژیانی فەقێیایەتی، لا48).

شێوازی پێدانی بڕوانامە لە حوجرەکانی ناوچەی خۆشناوەتی بە گشتی (گوندی هەرتەل) بەتایبەتی بەمشێوەیە بووە:

کاتێک فەقێیەکان لە گوندی هەرتەل خوێندنی مەلایەتیان تەواودەکرد ئامادەکاریەکی باش دەکرا بۆ ئەوەی ئەو فەقێیانە بڕوانامەی مەلایەتیان پێبدرێت، زۆربەی ئیجازە نامەکان لە وەرزی پایز ئەنجام دەدران، چونکە خەڵکی ئیش و کاریان تەواو دەبوو بۆ ماوەی یەک هەفیتە خەڵک دەستی لە ئیش و کار هەڵدەگرت و بەشداری ئەم بۆنەیان دەکرد، بۆیە فەقێکان ئاهەنگیان بۆ سازدەکرا، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن مامۆستای بڕوانامەدەر چەند کەسێک دەنێردرانە شاری کۆیە یاخود هەولێر بۆ ئەوەی کەلوپەلی پێویست بۆ ئەو بۆنەیە بکڕن، کەلوپەلەکانیش بریتی بوون لە قوماشی ڕەنگاوڕەنگ و خواردەمەنی زۆر کەل و پەلی دیکە، کاتێک ئامادەکاری بۆ ئەم بۆنەیە تەواو دەبوون مامۆستای بڕوانامەدەر بانگهێشتنامەی نوسراوی بۆ مەلا و فەقێ و پیاو ماقولان و حوجرە و گوندەکانی دەوروبەری هەرتەل و گوندەکانی دیکەی خۆشناوەتی و هەندێک لە دەڤەری دیکەی کوردستان دەنارد، هەموو ئەمانە ئامادەی ئەم بۆنەیە دەبوون، خەڵکی گوندی هەرتەلیش خەڵکێکی سەخی وناندەر و ئاینپەروەر بوون ئازایانە ئاژەڵی دابەستە و جوانیان دەکوشتەوە لە زۆربەی ماڵانیش خواردن ئامادە دەکرا، هەر بەم بۆنەیەوە شانۆگەری پێشکەش دەکرا کە دیمەنێکی جوانی دەبەخشیە ئەم بۆنەیە، هەروەها فەقێیەکان دەست یان دەکرد بە هەڵپەڕکێ بەتایبەت شای سێ پێی و چۆپەی و ئایشۆکە و شێخانی و سوسکەی، هەر جۆرێک لەو هەڵپەڕکیانە گۆرانی تایبەت بەخۆی هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە دوو فەقێی دەنگ خۆش ئاهەنگەکەیان دەڕازاندەوە فەقێیەکان سرودی تایبەت بەخۆیان هەبوو بێجگە لە خۆیان کەس هاوبەشی وتنی ئەم سرودانەی نەدەکرد.

تابلۆیەکی دیکەی جوانی ئەم بۆنە پێشکەش کردنی شانۆگەری بوو بۆ ئامادەبوون لەلایەن فەقێکانەوە، بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان گوندی هەرتەل یەکەم گوندی خۆشناوەتی بووە کە لەکاتی پێدانی ئیجازە بە فەقێیان شانۆگەریان ئەنجامداوە، شێوەی شانۆگەریەکەش بەمشێوەیە بوو:

لە ڕۆژی یەکەمی ئاهەنگەکە هەندێک تەخت و کورسیان پەیدادەکرد هەندێک بەرگی دوو لکیان ئامادە دەکرد پاشان لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ کڵاو و فێس و شەپقەیان دروست دەکرد، ئینجا یەکێک لە فەقێکان دەکرایە پاشا دوو وەزیریان بۆ دادەنا وەزیری دەستە ڕاست و وەزیری دەستە چەپ، پاشا بەرگی دوو لکی دەکردە بەری کڵاوی دەخستە سەری دوو پاسەوانیان بۆ دادەنا، پاشا نەدەبوو پێبکەنێت یاخود قسەبکات، پاشا ئەگەر کارێکی هەبووایە بە وەزیری دەستە ڕاست دەگەیاند کە کارەکەی بۆ جێبەجێ بکات، پاشان کە چایان بۆ دەهێنا نیوەی چایەکەی دەخواردەوە دواتر جگەرەی قامیشیان بۆ دەهێنا پاشا دوو سێ نەفەس و قومی لێدەدا فڕێی دەدا، دواتر بنکەی پۆلیسان دادەنا کاتێک کەسێک تاوانبار دەکرا پاشا فەرمانی بەوەزیر دەکرد ئەویش فەرمانی بە سەرۆکی پۆلیس دەکرد تاوانبارەکە سزا دەدرا، تاوانەکە دروست کرابوو بۆ نمونە دوو کەس دەهاتنە لای قائیمقام دەیانگوت ئەمڕۆ (حاجی حەسەن) نوێژی نیوەڕۆی بە کۆمەڵ نەکردووە ئەمەش دەکرا بەتاوان و پاشا فەرمانی دەدا دوو کەڵە شەکری قەندی وەکو سزا لێ وەرگرن ئەگەر نەیدا فڕێی دەنە ناو کانیاوی مزگەوت! یان کەسێک بە گاڵتە دەچوو شەقێکی لە کڵاوی پاشا دەدا پۆلیسەکان بەدوای دەکەوتن و دەیانگرت و دەست و پێیان دەبەست و بەدارێک هەڵیاندەواسی، پیان دەوت: ئەگەر خۆت دەکڕیەوە بە دوو قەندە شەکر باشە ئەگەر نا لەسەر دارەکە هەڵت دەدەینە خوارەوە، ئەویش ڕاستەوخۆ خۆی دەکڕیەوە بەشێک لەو قەندە شەکرەیان بۆ فەقیەکان دەبرد، بەمشێوەیە شانۆگەریەکی خۆش و سەرنج ڕاکێش پێشکەش دەکراو داهاتێکی باشیش بۆ فەقێیەکان کۆدەکرایەوە، هەروەها شانۆگەری دیکەیان لەسەر دەوڵەمەند و هەژار یاخود بەرتیل و شانۆگەری ئاشەوانیان ئەنجام دەدا (مەریوان هەرتەلی، مێژووی زانایانی هەرتەل، لا لا 35 – 36).

## 2. مزگەوتی خۆشناوەتی

هەموو گوندێکی خۆشناوەتی هەر لە کۆنەوە مزگەوتیان هەبووە، (میرانی محمود بەگ و بووک عەنبەر)ی خێزانی لە زۆربەی گوندەکان مزگەوت و حوجرەیان بنیاتناوە، لە کۆنترین و ناوادارترین مزگەوتەکانی خۆشناوەتی:

1. مزگەوتی شەقڵاوە: بە مزگەوتی گەورە ناودەبرێت، هەمووی بە بەردی مەڕمەڕ دروست کراوە، دوای نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە دەرگاکەیان خستە باکوری ڕۆژهەڵات و لەسەر بەردێک ناوی (میرانی محمود بەگ و بووک عەنبەری) خێزانی نوسراوە، حوجرەیەکی بۆ دروست کراوە، خانوەکی گەورەی تێدا دروست کراوە کە ئاوی کانی سەقاوی بەناو تێدەپەڕێت، لە ساڵی (1301ک/ 1881) دروستکراوە لە ساڵی (1979) میری ڕوخاندی جارێکی دیکە دروستی کردەوە، لە دەرەوەی مزگەوت گۆڕستانی میرانی شەقڵاوەی لێیە کە گۆڕی (میرانی محمود بەگ و بووک عەنبەر و میرانی مستەفا بەگ و حەمەدەمین بەگ و محمود بەگی کوڕی میرانی بایز بەگ و میرانی ڕەشید بەگ و یحیی بەگ و میرانی قادر بەگ و عبدالرحمن بەگی کوڕی قادر بەگ و بووک حەلیمی خێزانی مستەفا بەگی لێیە).

2. مزگەوتی گوندی بەرەکە 3- مزگەوتی گوندی ماوەران 4- مزگەوتی گوندی ترگارە 5- مزگەوتی

گوندی لاسە 6- مزگەوتی گوندی بالیسان 7-مزگەوتی گوندی سیساوە8- مزگەوتی گوندی کاموسەک 9- مزگەوتی گوندی قەڵاسنجی سەروو 10- مزگەوتی گوندی خەتێ 11- مزگەوتی گوندی میر ڕۆستەمە 12- مزگەوتی گوندی قەسرۆکە 13- مزگەوتی گوندی توتمە 14- مزگەوتی گوندی گەرەوان 15- مزگەوتی گوندی ئەسپیندارە 16- مزگەوتی گوندی ئاقوبان 17- مزگەوتی گوندی فریز 18- مزگەوتی گوندی زیارەت 19- مزگەوتی گوندی قەڵاسنجی خواروو 20- مزگەوتی گوندی تەوسکە (کەمال میران، خۆشناو و خۆشناوەتی، لا لا 67 – 68).

کۆنترین حوجرە و مەدرەسەی ئاینی لە ناوچەی خۆشناوەتی دروستکراوە، هەروەکو (مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەریس) دەڵێت" الباشوریە بیت علوم و فضل الدین واحترام. واهم اقدم اهل العلم فی العراق، لان جدهم اتي الی العراق وسکن بها فی زمن عبدالله بن عمر. فولدت هذه امراه الباشوریة له ولد سموه (حیدر) علی اسم ابیه جد جمیع الحیادره فی العراق (عبدالکریم المدرس، علماءنا فی خدمه، ص495).

(مامۆستا عبدالکریم المدرس) نوسیویەتی"کاتێک موسڵمانان لە سەردەمی (عبدالله کوڕی عمر) هاتنە عێراق،هەر زوو لە گوندی (باشورە) حوجرە دانرا لە زانا ناودار و پێشەنگەکانی عێراقن.

دوای گەڕانەوەی نەوەکانی (مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی سیساوەیی) لە وڵاتی باشوری ئەفریقیا چەندین بەڵگەیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە کوردستان یەکێک لە بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی (523ک/1126ز) حوجرە و مەدرەسەی سیساوە لە سەردەمی دەسەڵاتداری زەنگیەکان بوونی هەبووە تەنانەتە لەسەردەمی مەغۆلەکانیش ئەم حوجرەیە هەر بەردەوام بووە (دەستنووسی مەدرەسەی سیساوە بڕوانە پاشکۆی وێنەکان).

### 3. حوجرەکانی خۆشناوەتی

بەناوبانگترین و ناسراوترین حوجرەکانی خۆشناوەتی بریتین لە:

یەکەم : مەدرەسەی سیساوە:

کۆنترین مەدرەسە و حوجرەی کوردستان و عێراقە، کەسێک بەناوی (ابو نصر الامیر سلیمان الغازی القریشي الامجدي) لە نێوان ساڵانی (1334/1060ک) ژیاوە کەسێکی دەوڵەمەند بووە، بۆیە هەندێک لە گوندەکانی دەشتی هەریری کڕیوە وەقفی مەدرەسە و حوجرەی سیساوەیی کردووە بڕیاریداوە بەشێک لە زەویەکان بۆ مەدرەسە و قوتابیەکان بێت بەشێکیش بۆ ئەو بنەماڵ بێت کە مەدرەسەکە بەڕێوەدەبات، سوێندی خواردووە هەر کەسێک ئەو زەویانە بۆ مەدرەسە بەکارنەهێنێت لێی حەرام بێت و گەردنی ئازاد ناکەم، لەم مەدرەسەیە قوتابی لە تەمەنی دوو ساڵی خراونەتە بەر خوێندنی شەرعی لە تەمەنی شەش ساڵی قورئانی پیرۆزیان ختم کردووە تاوەکو پازدە ساڵی دەبوونە زانا، منداڵەکانی بنەماڵەکەیان کامیان لە هەموویان زیرەکتر بانە وەکو بەڕێوەبەری ئەو مەدرەسەیە هەڵیان دەبژارد، سەرۆک و دەسەڵاتدارانی ناوچەکەش دەبوو ڕێی پێبدەن ئەوەی دەبووە بەڕێوەبەری ئەو مەدرەسەیە دەبوو تاپۆی ئەو مەدرەسەیە نوێ بکاتەوە بۆ ئەم مەبەستە دەبوو سەردارانی ناوچەکە بۆی مۆربکەن بۆ ئەوەی وەکو بەڕێوەبەری ئەو مەدرەسەیە بەردەوام بێت بوو تاوەکو ساڵی (1830 – 1831) لە سەردەمی مەغۆلەکانیش ئەم مەدرەسەیان تێکنەدراوە تاوەکو (مەلا عومەر بەگ)، (مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی) لە ساڵی (1815) لەدایک بووە دوای خوێندنی

سەرەتایی دەینێرنە مەککە دواتر دێتەوە سیساوە، بەڵام باوکی دووبارە دەینێرێتەوە مەککە بۆ ئەوەی باوکی لەو کێشە و بارودۆخە حراپەی لەناوچەکە هەیە بیپارێزێت لە ساڵی (1831) لەکاتی شەڕ لە سیساوە (مەلا عومەر بەگ) کوژرا مەدرەسەکەیان بە پەرتووکخانەوە سووتاند زەوی و زارەکان کەوتنە بەردەستی دەوڵەتی عوسمانی (ئەبوبەکر ئەفەندی) ئاگاداری ئەم بابەتە نەبووە دایکی و برا بچووکی بەڵگەنامە گرنگەکانیان لەگەڵ خۆیان بردە (ئەرزەروم) دوای ماوەیەک (ئەبوبەکر) بۆ خوێندن چووە ئەستەنبۆڵ و بغداد دواتر گەڕایەوە سیساوە چوو هەموو بەڵگەنامەکانی کۆکردەوە و مۆری بە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە کرد بۆ ئەوەی زەوی و مەدرەسەکە وەربگرێتەوە، سەرەتا چووە دادگا لە سیساوە زەوی یەکانیان پێنەداوە وتیان ئەو زەویانە وەقفە بۆیە چووە ئەرزەرۆم سێ مانگ مایەوە بووە مامۆستای زانکۆ دواتر چووە ئەستەنبۆل لەو ماوەیە بەریتانیا ئەفریقیای باشوری لەژێر دەستی هۆڵەندا دەرهێنا ئەو کۆیلانەی بەریتانیا لە ئەندەنوسیای هێناون زۆربەیان موسڵمانن ئەوکاتە (کەیپ تاون) چل هەزار کەس بووە (15) هەزاری موسڵمان بووە کە بەریتانیا باشوری ئەفریقیای گرت ئەو موسڵمانانەی هاتوونەتە ئەفریقیا زمانیان گۆڕاوە نەوەی نوێ زمان و بیروبۆچونیان گۆڕاوە بۆیە موسڵمانەکان داوایان کرد زانایەکیان بۆبێنن بۆیە شاژنی بەریتانیا لە سەرەتایی ساڵی (1831) داوای لە سوڵتانی عوسمانی کرد کە زانایەک بنێرنە ئەفریقیا لە کۆتایی ساڵی (1861) بە (مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی) یان وتووە بچێتە باشوری ئەفریقیا زۆر گەڕاون کە زانایەکی بەناوبانگ ببیننەوە، بەڵام نەیانتوانیوە تاوەکو (ئەبوبەکر ئەفەندی) کە زانایەکی زۆر شارەزا بووە لە هەر چوار مەزهەبەکەی زانیوە بەتەنها نەبووە برازاکەی لەگەڵی بووە بەناوی (لوتفی) دوای سێ مانگ لە (کیپ تاون) ویستویەتی بگەڕێتەوە، بەڵام عوسمانیەکان نەیانهێشتوە پێیان وتووە کارەکەت زۆر پیرۆزە نابێت بگەڕێیەوە، کە زانیویەتی ناتوانێت بگەڕێتەوە ژنی هێناوە منداڵێکی هەبووە دواتر لێی جیاواز بۆتەوە دواتر ژنێکی ئینگلیزی هێناوە چوار منداڵی هەبوووە پێش مردنی ویستویەتی منداڵەکانی بنێرێتەوە (ئەستەنبۆل) کە زۆر بچووک بوونە، بەڵام کارەکەیان بۆ نەکردووە لە ساڵی (1880) (مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی) کۆچی دوایکردووە گەورەترین منداڵی تەمەنی (15) ساڵ بووە کوڕ و تاوەکو ئێستا نەوەکانی لە (کیپ تاون) ماونەتەوە (چاوپێکەتن لەگەڵ محمد زۆربری ئەفەندی).

دووەم: مەدرەسەی زیارەتی مەلازادە:

زیارەت گوندێکە لە ناحیەی شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێر گوندی (زیارەت) کۆتا گوندی هۆزی خۆشناوە لەلای زنجیرە چیای پیرمام کە هاو سنوورە لەگەڵ هۆزەکانی (زراری، گەردی، میران بەگی) هەروەها لەگەڵ گوندەکانی (سولێ، سەرسول، هەرشەم، شێخان) هاوسنوورە، (زیارەت جعفران)یشی پێ دەڵێن، بەهۆی هەبوونی گۆڕی (جعفری کوڕی عبداللە کوڕی شهوان نەوەی نۆیەمی جعفر کوڕی أبي طالب)، ئەم گوندە ناسراوە بە زانای گەورە و ناودار لە مەدرەسەی زیارەت وانەیان وتوەتەوە لەو زانایانە (مەلا مصطفى الزیاری 1130- 1198ک/ 1717-1783ز) بەمشێوەیە باسی دەکەن"؟"،کوڕەکەی (زانا عبدالرحیم زیارەتی) زانای سەردەمی خۆی بەمشێوەیە باسی دەکەن" لەناو کوردان دەنگی دایەوە، چونکە دەریایەک بوو لە زانست"، یەکێک لە قوتابیەکانی (شێخ صبغە اللە زیارەتی) یە لەسەردەمی (داود پاشا) والی (بغداد) چۆتە (بغداد) زانیاریان لە بارەی زانستی دینی و تەفسیری قورئان لێ وەرگرتوە، هەروەها (محمد زیارەتی) لە ساڵی (1196ک/ 1781ز) کۆچی دوایکردووە، (شێخ محمد کوڕی عبداللە زیارەتی) لە

ساڵی (1252ک / 1836ز) کۆچی دوایکردووە، یەکێکە لە فەلەکناسە بەناوبانگەکان پەرتووکێکی لەو بواری فەلەکناسی و ئەندازیاری هەیە، دەست نوسەکانی ئەم مەدرەسەیە (الفوائد الصمدیە فی علم العربیە) کە (جرجیس کوڕی محمد) لە گوندی (زیارەت جعفر خلیل جافر) لە ساڵی (1152ک/ 1793ز) نوسیویەتی، (حاشیە الخیالی) لەلایەن (ابو بکر کوڕی محمد کۆی صدیقی) لە خزمەت (زانا و مەولانا مصطفی) مامۆستا و زانای مەدرەسەی زیارەت لە گوندی زیارەت نوسیویەتیەوە، (الرسالة الحنفیە) کە (حبیب الله محمد امین) لە گوندی (زیارەت) لە ساڵی (1273ک / 1856ز) نوسیویەتی، (حاشیە توکلی) کە (محمد کوڕی مەلا مصطفی) لە ساڵی (1272ک/ 1855ز) نوسراوەتەوە، وە (الحاشیە الواقعە علی النسبە بین بین) محمد التوکلی لەلایەن (محمد هنارەی) لە ساڵی (1277ک/ 1860ز) نوسراوە (عماد عبدالسلام، مراکز الثقافیة، ص ص 89 – 90)، هەروەها گوندێک لە کوردستانی تورکیا بەناوی (زیارەت کۆڕێ) لە شاری (موش) هەیە گۆڕی زانا (مەلا عبدالرحمن زیاەتی) لێیە لە سەردەمی عوسمانی لە گوندی (زیارەت) چۆتە شاری (موش) لەو گوندە ماوەتەوە ناوەکەی کردۆتە (زیارەت کۆڕێ)، بەڵام دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هاتوونەتەوە گوندی (زیارەت) لە کوردستانی عێراق (چاوپێکەوتن لەگەڵ هێرش طیار خۆشناو).

سێیەم: مەدرەسەی هەرتەل:

(هەرتەل) گوندێکە دەکەوێتە ناحیەی بێتواتە لە قەزای ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی، چالاکی زانستی لەو مەدرەسەیە لە نێوان سەدەی یازدەهەم و دوازدەهەمی کۆچی (17 و 18ز) دەستی پێکردووە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە هەبوونی چەندین دەستنووسە کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمە وەکو (حاشیە حسن الزیباری علی الرسالة الوضع) لە ساڵی (1085ک/1664ز)، دەستنووسی (محەدی کوڕی حەسەنی شەهرستانی) ساڵی نووسینی دیارنیە، پەرتووکی (الفناری) لە ساڵی (1145ک/ 1734ز) نوسراوەتەوە، (الرسالة الحنفیە) بەدەستی (محمد سعید کوڕی ڕەسول کوڕی عزیز کوڕی محمد کوڕی حوسێن بەگ میر شێخ هەرتەلی) لە ساڵی (1303ک/1885ز) نوسراوەتەوە، (رسالة في اداب البحث والمناضرة للكلنبوی) بە دەستی (ئەحمەد سارتکەی) لە ساڵی (1304ک/ 1886ز)، وە (کشف الغوامض فی علم الفرائض) بەدەستی (ئەحمەدی کوڕی شێخ حوسێنی بالیسانی) لە ساڵی (1350ک/1931ز) نوسراوەتەوە، لە ناودارترین مامۆستاکانی ئەم مەدرەسەیە (زانای ناودار مەلا عیسای هەرتەلی)، مەدرەسەکە بەوە ناسراوە کە چەندین زانای ناوداری تیدا پێگەیشتوون، (مەلا فتح الله هەرتەلی) زانایەک بوو ئیجازەی داوەتەوە چەندا مەلا، دەرسی فەلەکی دەوتەوە، مەدرەسەکە بەناوی خۆی بوو، هەروەها (مەلا ئەحمەدی تازانی) و چەندانی دیکە، لە زاکانی متاخیری مەدرەسەی هەرتەل (مەلا محمد کوڕی مەلا قادر هەرتەلی) (1330- 1409ک/1910- 1989ز) (عبدالله فرهادی، أكیل والمحاسن، ص 417) لە سەردەمی (مەلا عیسی) و (مەلا فتح الله) ئەم مەدرەسەیە (25) فەقێی هەبووە(طاهر احمد، مێژووی کۆیە، ب1، ل177) لە ساڵی (1145ک / 1732ز) قزلباشەکان هێرشیان کردۆتە سەر گوندی (هەرتەل) و مەدرەسەکەی ژمارەیەکی زۆر لە بلباسەکانی گوندی (هەرتەل) دەکوژن، لەم هێرشە (مەلا حوسێن مەلا ڕەسول بلباسی) دەکوژن تەنها (مەلا حەسەن بلباس) نەبێت بە زیندووی دەمێنێتەوە (محمد القرداغی، کنوز الکرد، ج1، ص 261).

چوارەم: مەدرەسەی بالیسان:

بالیسان گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی خۆشناوەتی لە پارێزگای هەولێر لە کۆنەوە مەدرەسەکەی مەڵبەندێکی گرنگی زانستی و ئاینی بووە" زانا و مامۆستای گەورەی لێ پێگەیشتوە، لەوانە (شێخ الادیب مەلا عبداللە) و گەشتیاری ناودار (شێخ تەها کوڕی یحیی بالیسانی) کە هەڵساوە بەئەنجامدانی چەند گەشتێک بۆ وڵاتانی عێراق و شام و مصر و قبرص و حیجاز باسی ئەو شوێنانەی کردووە کەپێدا ڕۆیشتووە بیرەوەری خۆی نوسیووەتەوە، هەروەها لەنێوان ساڵانی (1181 - 1203ک/ 1767 – 1788ز) زانستێکی زۆریان لێ وەرگرتووە، (شێخ تەها کوڕی عەلی بالیسانی) لە ساڵی (1344ک/ 1925ز) مردووە، یەکێکبووە لە زاناکانی ئەم مەدرەسەیە کە زانایانی سەردەمی خۆی بەمشێوەیە باسی دەکەن"یەکێکبووە لە زانا دەگمەنەکانی سەردەمی خۆی، کەسێکی خوداپەرست و پیاوچاک و لەڕووی ماددی دەست کورت بووە سەرەڕای ئەو هەموو زانستە زۆرەی کە هەیبووە خزمەتێکی زۆری موسڵمانان و ئاینی ئیسلامی کردووە، کوڕەکەی (عەلی) کە لە ساڵی (1380ک/1960ز) مردووە، کوڕی دووەمی (شێخ عمر) زانایەکی بەتوانا و بە بەرهەم بووە، کوڕی سیەمی (مەلا محمد) مامۆستایەکی بەتوانا و ڕێزلێگیراو بووە، پەرتوکی (منازل السائرین للهروری) لەلایەن (ئەحمەد کوڕی بایزید القلاسیدی) نوسراوەتەوە، لە مامۆستا و زانا ناودارەکانی مەدرەسەی بالیسان (زانای ناوداری مەلا عیسی کوڕی ئەحمەدی عەباسی بالیسانی) لەساڵی (1200ک/1786ز) کۆچی دوایکردووە، کە قورئانی پیرۆزی ڕاڤەکردووە زانا و گەشتیاری ناودار (الكردي تەها بالیسانی) قوتابی بووە، لە گرنگترین دەستنووسەکانی ئەم مەدرەسەیە کەماون بریتیە لە (حاشیة محی الدین) کە بەدەستی (مصطفی کوڕی ئەحمەد کوڕی ئیبراهیم بالیسانی) لە مەدرەسەی (مەلا عیسی) لە ساڵی (1131ک/1718ز) نوسراوەتەوە،هەروەها پەرتوکی(الفوائد الضیائیة) (عبدالرحمن الجامی) لەبارەی النحو کە لەلایەن (عیسی کوڕی ئەحمەد بالیسانی) لەساڵی (1144ک/1731ز) نوسراوەتەوە،(حدائق الدقائق) لەلایەن (عیسی کوڕی ئەحمەد) لە ساڵی (1144ک/1731ز) نوسراوەتەوە، وە (الشیرازی)لەلایەن(عبدالعزیز کوڕی حامد البالیسانی)لەساڵی (1171ک/1757ز) نوسراوەتەوە، (حاشیە اللاری) لەلایەن (محمد کوڕی محمود کوڕی محمد القطبینی) لە ساڵی (1211ک/ 1796ز) نوسراوەتەوە، (تهذیب المنطق) لەلایەن (ئەحمەد کوڕی حسن کوڕی عبداللە کوڕی ئەبوبەکر)لەساڵی (1323ک/1905ز)نوسراوەتەوە، (الحواشی الجلالیە) لەلایەن (محمد کوڕی شێخ عەلی مەریوانی) لە بالیسان لە ساڵی (1326ک/1908ز) نوسراوەتەوە، (حاشیە الوغ بخط علی المسعودی) لەلایەن(عبداللە کوڕی عبدالعزیز) لەساڵی (1340ک/1921ز) نوسراوەتەوە، (حاشیە قول احمد علی الفوائد الفناریە) لەلایەن (کوڕی ئەبوبەکر کوڕی عومەر) نوسراوەتەوە، ساڵەکەی دیارنیە (بلال برادوستی، مدارس العلمیە، ص33 ؛ شوان محمدامین، مراکز الثقافیة, ص ص 282 – 283) بالیسان دوو حوجرەی هەبوو، ژمارەی فەقێیەکانی (بالیسانی میر مەحمەری) کە مەدرەسە لەلایەن(مەلا شێخ عومەری بالیسانی)و(مەلا شێخ تەها) بەڕێوەدەبرا (20) فەقێ بوو، هەرچی حوجرەی (بالیسانی میر وسویی) کە لەلایەن (مەلا مصطفی فاضل) بەڕێوەدەبرا (12) فەقێی هەبوو (طاهر احمد، مێژووی کۆیە، ب1، لا177)، مەدرەسەی بالیسان یەکێکبوو لەو شوێنانەی کە ئیجازەی مەلایەتی لێ دەدرا (محمد عەلیاوەیی، ژیانی فەقێیانی، لا101)، لە ساڵی (1100ک/1688ز) (شێخ عیسی گەورە) کە بە (شەمسەدین و بەدرەدین) ناسرا بوو قوتابخانەیەکی گەورەی هەبووە لە تەسەوفیش دەستێکی باڵای هەبووە، خەڵکێکی زۆر بۆ دوعا و نەخۆشی

ڕووی تێدەکرد ئەویش دوعای بۆ دەکردن خوای گەورە دوعاکانی قبووڵ دەکرد، بۆیە ناوبانگی دەکرد، لە حوجرەکەی بەسەدان فەقێ لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان مادده زانستی و شەرعیان دەخوێند، زانایەکی گەورەی وەکو (مەلا مستەفا) ناسراو بە (تاج العلماء) لەو حوجرەیە بووە مامۆستای (مەولانا خالدی نەقشبەندی) بووە، هەروەک (مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەریس) لە پەرتووکی (زانایان) دەڵێت: لە سەدەی (13ک) کۆچی دوایکردووە (شێخ ئیبراهیم بالیسانی، مێژووی بنەماڵە، لا لا 18 – 19).

مەدرەسەی بالیسان: بەڕاستی قوتابخانەیەکی ئاینی ئاوەدان بوو، مەڵبەندێکی گەورەی خوێندن بوو، مەلایە چاکەکانی ئەو سەردەم وانەیان لێ خوێندووە و ئیجازەیان لێ وەرگرتووە نموونەی ئەم مامۆستایانە: شێخ مصطفی نەقشبەندی، مەلا ئەحمەدی ئاشۆکانی، مەلا ڕەشیدی موکریانی، مەلا ئەحمەدی توتمەی، مەلا ئیبراهیمی دۆرە بەکرەی، مەلا صادقی ماویلی، مەلا عبدالقادری کانی دەربەندی، شێخ عبدالکریمی ئۆمەراوە، مەلا فتح الله هەرتەلی، مەلا محەمەدی مەخموری، مەلا ئەحمەد خدر وەرتی، مەلا عبدالله ی سکتانی، مەلا عومەری تەرجانی، مەلا ئیبراهیمی خەتی، مەلا ئەبوبەکری کۆیی، شێخ عەلی کوڕی، شێخ عومەری کوڕی، شێخ محەمەدی کوڕی، مەلا عوسمانی دۆڵەزەی (صالح شیخو الهسنیانی، علماء الکرد، ص217؛ تاهیر بەحرکەیی، مێژووی زانایانی کورد، لا لا 31 – 32).

پێنجەم: مەدرەسەی شەقڵاوە:

شەقڵاوە شوێنێکی کۆنە لە ناوچەی هەولێر، ئێستا ناوەندی قەزایەکە بەناوی قەزای شەقڵاوە، هەر لە سەدەی دەیەمی کۆچی ژیانی زانستی تێدا دەرکەوتووە، ژمارەیەک پەرتوک و دەست نوس لەو مەدرەسەیە نوسراون کە ئەمڕۆکە لە بەردەستمانن لەو پەرتووکانە (کتاب فی الفقه) بەدەستی (عبدالرحمن کوڕی الیاس کوڕی عمر شاوی) لە ساڵی (933ک/ 1526ز) نوسراوە، دەست نوسی (شاعر اوغلی) لە ساڵی (973ک/1565ز) لە شەقڵاوە نوسراوە، (شرح العقائد النسفیة) لە ساڵی (982ک/ 1574ز)، (کتاب مغنی المحتاج) لە ساڵی (1057ک/ 1647ز)، (حاشیه محمد کوڕی حسین الحریری) لە ساڵی (1259ک/1843ز)، (رسالة في الاستعاره) بەدەستی (ئیبراهیم کوڕی سید ئیسماعیل) لە ساڵی (1290ک/ 1873ز) نوسراوە، (تشریح الافلاک) لە ساڵی (1342ک/1923ز)، (الربع المجیب) لە ساڵی (1353ک/ 1934ز)، (الرسالة الحسنیه فی عمل الربع المجیب) (مەلا گچکە) بەدەستی (ئەحمەد بالیسانی) لە ساڵی (1355ک/ 1936ز) نوسراوە، لەو مەدرەسەیە قوتابیەکی زۆر خوێندیان تێدا کردووە، زانای ناودار (مەلا ئیبراهیم دۆڵەبەکرەی) (ماوەی ژیانی1312- 1385ک/1895-1965ز) وانەی تێدا وتوەتەوە، پەرتووکی (مختصر ابواب تکملة التصریف)ی (ئیبراهیم الشهرانی)، لە مەدرەسەی شەقڵاوە لەلایەن (ئیبراهیم سید ئیسماعیل) نوسراوەتەوە ساڵی نوسینی دیار نیە، لە بەناوبانگترین زانای شەقڵاوە (زانا محمد بن ابی بکر الشقلاوي)لەساڵی (1189ک/1774ز) مردووە،چۆتە (دیمەشق)، وانەی لە مەدرەسەکانی ئەم شارە وتوەتەوە، لە مەدرەسەی شەقڵاوە هەریەک لە (مەلا تەها و مەلا صادق) وانەیان وتوەتەوە ژمارەیەک قوتابی زۆریان هەبووە (زبیر بلال، علماء والمدارس، ص24) لە سەردەمی (شێخ مەلا تەها) مەدرەسەی شەقڵاوە (30) فەقێی هەبووە (عماد عبدالسلام، مراکز الثقافیة، ص ص 100 – 101) یەکێکبوو لەو

مەدرەسانەی ئیجازەی مەلایەتی لێ دەدرا (طاهر احمد, مێژووی کۆیە، ب1، لا178).

شەشەم: مەدرەسەی گڕاو:

(گڕاو) گوندێکی کۆنە دەکەوێتە نێوان هەولێر و مصیف صلاح الدین (پیرمام)، بەوە ناسراوە کە مەرکەزی فەلەکی تێدابووە، ڕۆژمێرێکی تایبەتی هەبووە بەڕۆژمێری گڕاوی ناسراوە، گرنگترین ئەو زانایانەی وانەیان تێدا وتوەتەوە بریتی بوون لە (الشیخ المجدد خال النقشبندی) و (مەلا عبداللە ی گڕاوی) و (مەلا عبدالرحمن کوڕی مەلا ڕەسول ال الواعظی گڕاوی) (1306 – 1403ک / 1886 – 1982ز) کە وانەی لە چەندین مەدرەسەی هەولێر وتوەتەوە،گرنگترین دەست نووس و پەرتووکی زانستی ئەم مەدرەسەیە بریتی یە لە (قول احمد) بەدەستی (عبدالرحمن کرکوکی) لە ساڵی (1217ک/ 1802ز) نوسراوەتەوە، (عصام الدین) بە دەستی (ابن عبداللە افندی بن علی) ناسراو بە (بوولسوی) لە ساڵی (1228ک/1813ز) نوسراوە (زبیر بلال، علماء والمدارس، ص24) .

حەوتەم: مەدرەسەی بێتواتە:

(بێتواتە) گوندێکە لە ناوچەی خۆشناوەتی سەر بە قەزای ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی، چەندین نەوە لە زانایانی ئاینی ئیجازەیان لەو مەدرەسەیە وەرگرتووە، لەو زانایانە (مەلا داود کوڕی عبداللە حسین بێتواتەیی)یە لە سەدەی (13ک / 19ز) کە (112) ساڵ زۆربەی تەمەنی ژیان لە وانە وتنەوە بەسەر برد، تەنانەت پەرتووکی بە دەستی خۆی نوسیوەتەوە، لە تەمەنی (82) ساڵی قورئانی پیرۆزی نوسیووە چەند کوڕێکی هەبووە لەوانە (شێخ محمد کوڕی مەلا داود، فەقێ محمد) بە شایەتی (فەقێ ئیسماعیل کوڕی مەلا ئەحمەد فەقێ حسین سەکری) کە موڵک و ماڵی بۆ (شێخ نەبی ماویلی) بێت، لەم خێزانە چەندین زانای ناودار دەرکەوتون کە چوونەتە ناوچە و شوێنی دیکە ڕۆڵیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی زانست تەنانەت بەشێکیان بەرهەمی ناوداریان هەیە، ژمارەیەکی زۆری فەقێ و قوتابی لەلایەن خوێندوویانە و پێگەیشتوون، لەوانە (مەلا محمد ئەمین) کە لە ساڵی (1381ک/1961ز) کۆچی دوایکردووە، بەرهەمی زۆری لە بواری علمی کلام و العقائد و الفقە و بابەتی ڕەتکردنە (الردود) هەیە. لە گرنگترین دەست نووسەکانی ئەم مەدرەسەیە بریتیە لە (شرح لرسالة طاشکبری زادە) لە زانستی ئەدەب و گفتوگۆی حەقیقی، پەرتوکی (الگلنبوی) لە ئادابی گەڕان لەلایەن (معروف مەرگەی) لە ساڵی (1319ک/ 1901ز) نوسراوەتەوە، پەرتوکی (الوصیە) لەلایەن (شێخ علی) لە ساڵی (1313ک/ 1895ز) نوسراوەتەوە، هەروەها (مەلا محمد ئەمین کوڕی مەلا شێخ محمد کوڕی مەلا شێخ داود)لەساڵی (1359ک/1940ز) کۆچی دوایکردووە یەکێکبووە لە زانا ناودارەکان، (مەلا عبداللە کوڕی مەلا محمد ئەمین) کە لە ساڵی (1381ک/ 1961ز) کۆچی دوایکردووە ئەمەیان پەرتوکی نوسراوی لە بواری بابەتی فکری هەیە وەکو پەرتوکی (المنحة الوهبیة شرح الارادة الجزئیة لمولانا خالد) هەر یەکێک لەم زانایانە چەندان قوتابیان هەبووە (محمد القرداغی، کنوز الکرد، ج1، ص267)، هەروەها لەکاتی (مەلا نەبی) مەدرەسەی بێتواتە (15) فەقێی هەبووە (طاهر احمد حویزی، مێژووی کۆیە ، ب1، لا177) ، میرانی پشتگەلی هۆزی خۆشناو (میرانی عبدالقادر بەگ، حاجی میرانی خدر بەگ، میرانی ئەحمەد بەگی بێتواتە، میرانی ڕەشید بەگی بێتواتە، میرانی ئەنوەر بەگی بێتواتە) خەرجی حوجرە و مزگەوت و مەدرەسەیان دابین کردووە.

هەشتەم: مەدرەسەی خەتێ:

گوندی (خەتێ) گوندێکە لە ناحیەی خۆشناو لە نێوان (شەقڵاوە و حەریر) لە قەزای شەقڵاوە، بەوە ناسراوە کە چەندین زانای ناودار لەم مەدرەسەیە پێگەیشتون، لەوانە (مەلا محمد خەتێ) بە (شێخی زانایان) ناوی دەهێنن لە گەورەترین زانایانی عێراق بووە، هەروەها کوڕەکەی (عبداللە) و برازاکەی (عبدالفتاح کوڕی مەلا محمود) و (بهاءالدین کوڕی ئەحمەد کوڕی عبداللە خەتێ) و (ابراهیم کوڕی عبداللە خەتێ) و چەندانی دیکەلە زانایانی ناوداری ئەم مەدرەسەیەن، لەو مەدرەسەیە چەند پەرتووکێک نوسراوە لەوانە (فرائض المنهج) و (التعليقات النفسية) لە ئادابی گەڕان و گفتوگۆکردن لەلایەن (عبدالرحمن البنجووينی-پێنجووینی) نوسراوە، دانەیەکی لە گوندی (خەتێ) سەر بە قەزای شەقڵاوە لە ساڵی (1344ک / 1925ز) لێ نوسراوەتەوە (عماد عبدالسلام، علماء وامدارس، ص24) .

نۆیەم: مەدرەسەی ایران (هیران):

گوندێکە لە ناوچەی خۆشناوەتی لە پارێزگای هەولێر، مەدرەسەیەکی ئاینی لێبوو لەلایەن (کاک مستەفا) دروست کرابوو چەندان مامۆستای ئاینی ئیجازەیان لێ وەرگرتوە، یەکێکبووە لە ناودارترین مەڵبەندی تەریقەتی قادری ناوچەکە، دەست نووسێکی زانا (محمد بن يحيى الدمشقی) لەبارەی تەصەوف بەناوی (العرفان لاهل الايمان) لێبووە کە (مەلا ئەحمەد هیرانی) لە (مەدرەسەی کاک مصطفی) لە ساڵی (1130ک/ 1717ز) دانەیەکی نوسیوەتەوە، لە دەستنووسەکانی نیوەی یەکەمەی سەدەی چواردەهەم کەهی زانایان (مەلا ئەحمەدی ماویلی) و کوڕەکەی (مەلا ئەحمەد)ن لەبارەی مەنتقەوە ناوی یەکێک لە مامۆستاکانی لەسەر نوسراوە، هەر لەو مەدرەسەیە پەرتوکی (العقائد النفسيه) و (الرسالة الشمسيه) لە ساڵی (1293ک/ 1876ز) لەلایەن (ئەحمەد کوڕی حسن) نوسراوەتەوە (زبير بلال، علماء والمدارس، ص24) ئەو مەدرەسەیە لە سەردەمی (مامۆستا مەلا ئیسماعیل ماویلی) (12)فەقێی هەبووە (محمد القرداغی، كنوز الكرد، ج2، ص171).

دەیەم: مەدرەسەی کونەفلوسە:

چاڵاکی زانستی ئەو مەدرەسەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەیەمی کۆچی بەتایبەت دوای نیشتەجێبوونی بنەماڵەیەکی ئاینی و زانستی گوندی بێتواتە بۆ گوندی (کونەفلوسە) لە گرنگترین زانا و مامۆستاکانی ئەم مەدرەسەیە (مەلا شێخ محمد کوڕی مەلا داود کوڕی مەلا عبداللە) و کوڕەکانی (ئەسعەد) و (مەلا محمد ئەمین) (عماد عبدالسلام، مراكز ثقافية ، ص ص 141 – 142) (مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین) بۆ ماوەیەکی زۆر پێش نوێژ و تەدریسی لە (مزگەوتی حاجی عبدالقادر دباغ) لە شاری (هەولێر) کردووە (عبداللە فرهادی، اكيل والمحاسن، ص419).

یازدەهەم: مەدرەسەی جەلی:

(جەلی) گوندێکە دەکەوێتە دامێنی چیای ئاوەگرد لە باکوری شاری کۆیە لە پارێزگای هەولێر، چەندان زانای گەورە لەم مەدرەسەیە پێگەیشتوون، پەرتوکی گرنگیان نوسیووە، لە سەدەی (12 – 13ک / 18 – 19ز) ناوبانگێکی زۆری هەبوو کە یەکێک بووە لە مەڵبەندە گرنگەکانی زانست و ڕۆشنبیری، لە

ناودارترین زانای ئەم مەدرەسەیە بریتی بوون لە (مەلا عبداللە کوڕی مەلا محمد) لە ساڵانی (1116ک -؟ / 1704ز -؟)، کوڕەکەی (مەلا عبدالرحمن کاکی جەلی) (1217ک/1802ز) کە خاوەنی چەندین بەرهەمە لە بواری تەفسیر و فقه و عەقیدە و زمانەوانی و ئەندازیاری و....، لەو پەرتوکانی کە لە (مەدرەسەی جەلی) نوسیویەتی بریتیە لە(تحفة الطلاب فی حل خلاصە الحساب)لەساڵی (1186ک/1772ز)،(شێخ عبداللە کوڕی مەلا عبدالرحمن) لە ساڵی (1246ک/1830ز) کۆچی دوایکردووە، شاعیرێکی ناسراو بووە، چەند بەرهەمێکی هەیە لەوانە (حاشیە علی السیرە الحلبیە)، و (حاشیە علی القسطلاني شرح البخاری) و چەندانی دیکە، کوڕەکەی (مەلا ئەسعەد) لە ساڵی (1289ک/1872ز) کۆچی دوایکردووە، بە گەشتکردن بەرەو وڵاتی (شام و حیجاز) و وانە وتنەوە ناسراوە، (مەلا عبداللە کوڕی مەلا ئەسعەد) لە ساڵی (1325ک/1907ز) کۆچی دوایکردووە لە چەندین مەدرەسە و ناوچەی جیاواز وانەی وتوەتەوە، (مەلا محمد کوڕی مەلا ئەسعەد) لە نێوان ساڵانی (1293 – 1362ک/1876 – 1942ز) ژیاوە، چەندین بەرهەمی بەزمانی کوردی و عەرەبی لە بواری زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامی و بابەتی دیکە هەیە، لەوانە (المصقول فی الاصول) و (الالە والطبیعة والعقل والنبوة) و (المشاهد علی الطراز المقاصد) و (خراب العالم) چەند بابەتێکن باس لە بیروبۆچونی نوێ لەبارەی بابەتەکان دەکات (عماد عبدالسلام، مراكز ثقافية ، ص ص 60 – 61) ، گرنگترین دەست نوسەکانی ئەم مەدرەسەیە (حاشیە العبادی علی شرح هدایە الحکمە) بە دەستی (خالد کوڕی حسین) لە ساڵی (1210ک/1795ز) لە شاری (کۆیە) لە (مەدرەسەی مەولانا عبدالرحمن) نوسیوەتەوە، پەرتوکی (التعلیقات الحکیمیە علی حاشیە شرح المطول) لە البلاغەی (حبیب اللە مرزا جان) لە ساڵی (994ک/ 1585ز) کۆچی دوایکردووە، (ابراهیم) کە ئەو پەرتوکەی نوسیوەتەوە ئەوەمان پێدەڵێت دانەیەک لەم پەرتوکە لە (مەدرەسەی مەولانا عبدالرحمن جەلی) یە لە ساڵی (1215ک/ 1800ز)، (حاشیە علی اللاری) بە دەستی (فیچ اللە کوڕی یوسف کوڕی حاجی ئیبراهیم کوڕی حاجی ئاغا کوڕی میر عمر دزەی) لە ساڵی (1217ک/ 1802ز) نوسراوە، (حاشیە محمد حسین الحریری علی عصام الدین) بە دەستی (حسن کوڕی سلیمان) لە ساڵی (1268ک/ 1851ز) نوسراوە، (سعدالدین) بەدەستی (ڕەسول کوڕی عزیز کوڕی محمد کوڕی مەلا غزای)، ئەم مەدرەسەیە لەلایەن (عبدالرحمن بابانی) نوسراوە، بۆیە لەو سەردەمە دەیانوت (زانکۆیەکی زانستی کۆنە لە کۆیسنجق)، کە هەریەک لە (زانا محمد ئەفەندی بن عبداللە الجلی) (1298- 1361ک/ 1880 – 1943ز) سەرۆکی زانایان، خاوەنی چەندین پەرتوک و بەرهەمە، (میر عبدالرحمن بابان) میری میرنشینی بابان زۆر گرنگی بەو مەدرەسەیە داوە، دەست نوسی (صحیح البخاری) وەقفی کردۆتە ئەم خێزانە لە کۆیسنجق (عماد عبدالسلام، مراكز ثقافية ، ص91).

دوازدەهەم: مەدرەسەی ماوەران:

(ماوەران) گوندێکی نزیکی شەقڵاوەیە لە پارێزگای هەولێر، بەهۆی بنەماڵەی حەیدەری لەو چوار سەدەیە ناوبانگێکی زۆری هەبووە، بنەماڵەی حەیدەری یەکێکن لە بنەماڵە زانستیەکانی عێراق، (زانای ناودار حیدری گەورە کوڕی ئەحمەد کوڕی حەیدەری یەکەم) بەدامەزرێنەری مەدرەسەی ماوەران دادەنرێت کە لە نیوەی کۆتای سەدەی (10ک / 16ز) ناوبانگی بە شوێنان بڵاوبووە، بۆیە لە (خلخال و خوڕاسان و عەجەم و داغستان) پەیوەندیان بە زانایانی حەیدەری کردووە، زانایانی حەیدەری ڕۆڵێکی گرنگیان لەبواری تەدریس و دانانی پەرتوک هەبووە، زانایانی حەیدەری ڕۆشنبیری بەتوانای سەردەمی خۆیان بوون، زیاتر گرنگیان بە (علم الحکمە و الکلام و المنطق) دەدا کە چەندان بەرهەمی نوسراویان لەو

بواره هەیە، ئیجازەیان داوەتە چەندین زانا، بەشێکی گرنگی ئیجازەی عێراق بوون (مهدی قادر، التعلیم فی جنوب کردستان، ص71).

سێزدەهەم: مەردەسەی میرۆستەمە:

(میرۆستەمە) گوندێکە نزیکە لە قەزای شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێر، ناسناوی ئەم مەدرەسەیە دەگەڕێتەوە بۆ (مەلا ئەبوبەکری میرۆستەمەیی) زانای ناودار، (زانای ناودار ئەبوبەکری میرۆستەمەیی) لەساڵی (1247ک/1831ز) یەکێکە لەو زانایانەی کە (ابراهیم فصیح حیدری) بەمشێوەیە باسی دەکات "یەکێکە لەو زانایانەی کە دەریایەکە لە زانست" نووسینی گرنگی لەبارەی (علم المنطق و البلاغه و البیان و والوضع) هەیە، بەشێک لەو پەرتووکانەی بوونە مەنهەج بۆ قوتابیانی مەدرەسەکانی عێراق، وانە وتنەوە لەو مەدرەسەیە چەندین نەوە بەردەوام بووە، (شێخ عبداللە المحمودی بن خضر) لە دەست نوسی (بیان البیان) (عبداللە کوڕی عمر کوڕی ڕەسول سورچی) کە نوسیویەتیەوە، لە پەراوێزەکەیدا نوسیویەتی"لە خزمەت مەلا حسینی هەرکی دانیشتوی گوندی (میرزا ڕۆستەم) لە ساڵی (1324ک/1906ز) نوسیووە، دەستنووس لەبارەی (الاستعاره والوضع) لەلایەن (حمزە کوڕی عزیز کوڕی محمد) لە گوندی (میرزا ڕۆستەم) لە ساڵی (1323ک / 1905ز) نوسراوەتەوە (زبیر بلال، علماء والمدارس، ص24).

سێزدەهەم: مەدرەسەی بەرەکە:

یەکێکە لە حوجرەکانی خۆشناوەتی، چەندین زانا لەم حوجرەیە وانەیان وتوە،گرنگترین زاناکانی ئەم گوندە بریتین لە:

1. محمد البرکي:

ناوی تەواوی (محمد کوڕی خان ئەحمەد البرکی) یە، یەکێک بووە لە زاناکانی گوندی بەرەکە لە چەندین دەستنووس ناوی دێت

2. أحمد البرکي: هیچ زانیاریمان لەبارەی ئەو زانایە دەست نەکەوت، تەنها ئەوەندە نەبێت کە لە دەستنووسێك ناوی هاتووە (چەند دەستنووسێکی زانایانی گوندی بەرەکە).

**کۆتایی**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشکێکمان خستۆتە سەر مێژووی حوجرە لەناوچەی خۆشناوەتی، کە شێوازی خوێندن لەم ناوچەیە چۆن بووە ؟ حوجرەکان ببوونە بربڕەی پشتی زانست و فێرکردن، فەقێ لە تەمەنی شەش ساڵیەوە وانە بەبچووکی دەخرایە بەر خوێندن سەرەتا قورئانی پیرۆزی دەخوێند کاتێك دەگەیشتە قۆناغەکانی دیکە زانستە شەرعی و عەقلیەکانی دەخوێند، فەقێ بۆ ئەوەی مۆڵەتی زانستی وەربگرێت چەندین گوند و شار دەگەڕا لەلای چەندین مەلا و زانا دەیخوێند دوای وەرگرتنی مۆڵەتی زانستیش لە گوندێك دەبووە پێش نوێژ و وتارخوێن دواتر زۆرجار مەدرەسەیەکی لە مزگەوتەکەی دەکردەوە، خەڵکێکی زۆری دەوڵەمەند هاوکاری ماددی و مەعنەوی حوجرەیان دەکرد وەکو (حاجی حوسێن لە گوندی بەرەکە،

حاجی بدیعی چیوه له گوندی چیوەی خواروو، میرانی ئاوڕەحمان بەگی سیساوه له گوندی سیساوه، میرانی ئەنوەر بەگی بێتواته له گوندی بێتواته، میرانی بایز بەگ و میرانی قادر بەگ و میرانی صدیق بەگ له شەقڵاوه، میرانی صالح بەگی خۆران و میرانی کەریم بەگی خۆران له گوندی خۆران، حەمه ئاغا له گوندی دەراش، کەریم بەگی بالیسان، میرانی ڕەشید بەگی بالیسان، میرانی ئەنوەر بەگی بالیسان، سەرووی هەمووان کوێخا محمدی زیارەتی)، بۆیه پێگەیاندنی زانایەکی ئاینی له کوردستانماندووبوون و خەرجیەکی زۆری دەویست.

لیستی سەرچاوەکان


مصادر االعربية

1. البرادوستی، بلال ملو برخال ،(2018)، المدارس العلمية و دورها فی اعداد العلماء والدعاه فی اربيل، اربيل.
2. اسماعيل، زبير بلال ، (1978)، علماء والمدارس فی اربيل، الموصل، مطبعة زهراء.
3. الهسنياني، صالح شيخو، (2012)، علماء الكورد و كوردستان من القرن الاول الهجرى للاسلام الى وفيات سنه 14 ه – 1980م ق (1 – 14 ه/7 - 20م)، دهوك، منتدى اقرا الثقافة.
4. المدرس، عبدالكريم ، (1983)، علماؤنا في خدمة العلم والدين، بغداد، دار الحرية.
5. عبدالسلام، عماد ،(2011)، مراكز ثقافية المغمورة فی کردستان، اربيل، دار مكريان.
6. البرواري، محمد زكی ملا حسين ،(2013)، الحالة العلمية و دورها المساجد المدرسية فی كوردستان العراق، بينگول.
7. القرەداغی، محمد علی ، (2013)، كنوز الكرد فی خزائن دار المخطوطات العراقية، بغداد.
8. قادر، مهدی محمد ، اربيل، التعليم فی جنوب كوردستان فی العهد العثمانی الاخير 1869 – 1918، اربيل.

ژێدرەرەکان بە زمانی کوردی:

1. بالیسانی، شێخ ئیبراهیم ، مێژووی شێخانی بالیسان، (ب.ش.س).
2. طاهر احمد حویزی، مێژووی کۆیه.
3. ئاودەلی، فاخر عالی خان ، (2012)، ڕۆڵی زانایانی ئاینی له ژیانی سیاسی هەولێردا 1945 – 1975ز، هەولێر.
4. عەلیاوەیی، محەمەد ، (2018)، ژیانی فەقێیایەتی له کوردستان دا له سەدەی (13) و (14) کۆچی دا، و: عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، هەولێر.
5. هەرتەلی، مەریوان حاجی مامۆ، (2021)، ژیاننامەی زانایانی گوندی هەرتەل لەنێوان ساڵانی (1835 – 2021ز).

گۆڤارە زانستیەکان:

1. خوشناو، شوان محمد امين ، (2007)، مراكز ثقافية في منطقة (خوشناو) خلال القرون المتاخره، گۆڤاری مێژوو، ژمارە: 7، هەولێر.

وێب سایتی ئەنتەرنێت:

-1 تـاوگۆزی، سـالار ، مێـژووی حـوجرەی نەریتـی لە کوردسـتان و مەنهەجـی خوێنـدن تێیانـدا، وەرزنامەی ئاییناسـی، https://www.centerfs.org/history-of-traditional-classrooms-/in-kurdistan-and-their-curriculum

چاوپێکەوتنەکان:

-1 ئەفەندی، محمد زۆبری.

2. طیار، هێرش خۆشناو 20 - 4 - 2023.

**Serçawekan / Referances**

**Be Zimanî Erebî**

1. Bilal Melo Berxalî, (2018). el Biradostî, *el-Medarisu'l- 'ilmîyetu ve Dewruha fi İ'dadi'l-'Ulemai we'd-Duati fi Erbil*, t.1, Erbîl.

2. Zubeyr Bilal İsmail, (1984).*'Ulema we Medaris fi Erbil*, Matbaatu Zehra, t.1, Musil.

3. Salih Şeyxo el-Hesnayanî, (2012). *'Ulemau'l-Kurd we Kurdistan mine'l-Qerni'l-Ewweli'l-Hicriyyi li'l-İslamî îla wefiyati's-sene 14/h.-1980 m.q (1-14 h./7-20. m.)* Munteda İqra el-Seqafe, Duhok.

4. Abdu'l-Kerim el-Muderris, (1983).*'Ulemauna fi Xidmeti'l-'İlmi we'd-Dini*, Daru'l-Huriyyeti, t.1, Bexda.

5. 'Îmad Abdüsselam, *Merakizu Seqafiyyeti'l-Maxmureti fi Kurdistan*.

6. Muhammed Zeki Molla Huseyni'l-Bervarî,(2013). *el Haletu'l-'İlmiyyetu we Devruha el Mesacidu'l- Medresiyyetu fi Kurdistani'l-Iraqi*, Bingol.

7. Muhammed Ali el-Qaradaxi, (2013). *Kunuzu'l- Kurdi fi Xezaîni Dari'l-Maxtutati'l-'İraqiyyeti*, t.1, Bexdad.

8. Mehdî Muhammed Qadir,(2021). *et-Ta'limu fi Cenubi Kurdistan fi'l-'Ahdi'l-Osmaniyyi'l-aAxiri 1869-1918*, Erbil.

**Be Zimanî Kurdî**

Ewdelî, F. E. X. (2012). *Rolî Zanayanî Ayînî le Jiyanî Siyasî Hewlêr da 1945-1975.* (Çapa 1em). Hewlêr.

'Elyaweyî, M. (2018). *Jiyanî Feqîyayetî li Kurdistan da le Sedeyî 13em û 14emî Koçî da.* (W: Ebdulla 'Elyaweyî, Çapa 2yem). Hewlêr.

Heretelî, M. M. H. M. (2021). *Jiyannameyî Zanayanî Gundî Heretel le Nêwan Salanî 1835-2021*.

Şêx Îbrahîm Bilyesanî. S. P.

Tahir Ehmed Hewzî, Mêjûyî Koye, Berg 2.

**Kovare Zankoyekan**

Xoşnaw, Ş. M. E. (2007). Merakiz Seqafiye fî Mintiqet Xoşnaw, Kovarî Mêjû. Jimare 7. Hewlêr.

Tawgozî, S. Mêjûyî Hucreyî Nehrî le Kurdistan û Menhecî Xwendintêyan da, Werznameyî Ayînî. https://www.centerfs.org/history-of-traditional-classrooms-in-kurdistan-and-their-curriculum/

**Çawpêkewtinekan**

Çawpêketin legel Mihemed Zubêrî Efendî

Çawpêketin legel Hêriş Xoşnaw Teyar. 20.04.2023.



**Extended Abstract**

The Khoshnaw is a prominent and highly respected tribe within Kurdish society, known for its historical significance and cultural influence. Most members of the tribe traditionally resided in Erbil province, while others lived in parts of Sulaimani province, specifically in the Ranya district and the Betwata and Sarwchawa regions. These areas, rich in history and culture, played significant roles in the socio-political and cultural landscape of Kurdistan. The Khoshnaw territory encompassed several notable valleys, including the Betwata Basin, Balisan Valley, Malakan Valley, Goran Valley, Baraka Valley, Mawran Valley, Kore Valley, and Qalasnj Valley, each contributing to the region's vitality.

The history of madrasas in the Khoshnawati area extended back centuries, symbolizing a long-standing tradition of education and intellectual growth. With the arrival and spread of Islam in the region, mosques and madrasas were established in nearly every village and settlement. These institutions became the cornerstone of both religious and intellectual life. Each mosque typically housed a madrasa where both Shari'ah and broader intellectual sciences were taught. The madrasas played a pivotal role in educating thousands of scholars who later ventured beyond Khoshnawati, spreading knowledge and contributing to the academic and cultural development of Kurdistan and Iraq. The unwavering support of the Kurdish people for these institutions, both materially and through human resources, underscored their cultural and spiritual commitment. Endowment lands and gardens, whose profits were allocated to sustain the madrasas and their students, remained a testament to this dedication, and many of these endowments persisted well into modern times.

The structure of education in the madrasas followed a defined progression through various stages, including *Sipara*, *Sukhta*, and *Musta'id*. Students underwent rigorous study and training, often traveling to different villages and cities to learn from esteemed scholars and teachers. Upon completing their studies, they participated in elaborate ceremonies to receive their scientific licenses. These events, typically held in the autumn, were major community celebrations that could last up to a week. Villagers suspended their daily work to take part in the festivities, which included the preparation of large quantities of food, theatrical performances—such as the popular play "The Nobleman and the Farmer"—and other forms of entertainment. Wealthy individuals often financed these grand ceremonies, which served not only as an academic milestone but also as a unifying social event for the community.

Once licensed, newly graduated students were provided with letters of recommendation from their teachers, enabling them to take on roles as preachers in various villages. The arrival of a religious teacher in a village was met with enthusiasm and respect. Communities provided the teacher with a house and, if unmarried, often arranged for a spouse. The villagers supported the teacher financially through annual zakat and alms payments and assisted with practical needs, such as gathering firewood, building and maintaining houses, and caring for gardens and livestock. The teacher was held in such high regard that even elders deferred to their wisdom, and they were entrusted with mediating disputes and resolving matters of inheritance, marriage, divorce, and

other social or economic issues. Their advice was rarely questioned, reflecting their pivotal role in community life.

Over time, established teachers often founded their own madrasas, which gained reputations as centers of learning and attracted students from distant regions. These madrasas became hubs of both religious and scientific education, fostering intellectual and cultural growth. Villages hosting such institutions evolved into small but vibrant scientific and religious centers. This tradition not only enriched the local communities but also played a crucial role in the preservation and dissemination of Kurdish religious and cultural identity. The enduring respect for religious teachers and their madrasas across Kurdistan highlighted the community's deep appreciation for education and its role in societal development.

پاشکۆی وێنەکان



نەخشەی ئیداری و جوگرافی هۆزی خۆشناو


برادر طریقه شیخ احمد است موفق
ومؤید باشند کیفیت آمدن را در جواب مکتوب استادی ملا عبد الرحیم
وسایر برادران طریقه نوشته ایم خبردار باشند که بتقریب تأهل وعیال داری
سستی در کار فقیر بهم رسانیدن غایت ادبار یست ومنصب ارشاد ومشیخت را
سدّ راه


مخلص صمیم ومشفق قدیم
استاد اجل ملا عبد الرحیم را موکول هم علیه مردان توحید وشیران
بیشه تجرید اعنی پیران سلسله علیه نقشبندیه میدانیم که در ظاهر وباطن ودنیا وآخرت
یار ومدد کارش باشند بمنّه بیشتر این مسکین را محبت با محبان یار وچاره
بوسیله تبریه برادر طریقه شیخ احمد برقعه آلموده مسرور الفؤاد فرموده

نامەی مەولانا خالدی نەقشەبەندی بۆ شێخ عبدالرحیم الزیاری مامۆستای کە بەنامەی 77 ناسراوە.




مۆری زانا شێخ عبدالرحیم زیارەتی کە تصدیقی فەرمانەکانی سولتانی عوسمانی دەکرد لە سەنجەقی هەولێر.




شرح الوظع ملا عبدالله بە خەتی ملا ئەیوب بۆ مەلا عبدالرحیم زیارەتی نووسراوە.




رفع الخفا شرح ذات الشفا به خەتی ملا صالح ملا شێخ محمد زیارەتی نووسراوە.




تصریف ملا علی به خەتی مەلا عبدالله زیارەتی



پەرتووکی الوضع مەلا عبدالله شێخ مەمودی



محمد بن احممد خان بەرەکەیی




دروستکردنی مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە لەلایەن (میرانی محمود بەگی میر مەحمەری) و
(بووک عەنبەری) خێزانی لە ساڵی (1306ک/ 1888ز)


وهو عن محي الدين الجزري وهو عن محمد
الشيرويني وهو عن عبد الرحمن السليماني
وهو عن حيدر الماوراني الشهير بالحيدري
الاول ومرة عن محمد صالح الصفوي وهو
عن والده العلامة اسماعيل افندي الصفوي
وهو عن والده العلامة ابراهيم افندي وهو
عن والده العلامة حيدر الثاني وهو عن والده

ئیجازە نامەی فەقێیەکی باکوری کوردستان باس لە گوندی ماوەرانی خۆشناوان و
حوجرەکەی دەکات